# ئەو مافانە چین کە ساڵانێکی زۆرە ئافرەتی کورد قوربانی بۆدەدات

## پەخشان زەنگەنە: حزبە سیاسییەکان لەبەرنامەکانیاندا ڕۆڵی باڵایان هەبووە بۆ بەدەستهێنانی مافاکانی ئافرەت

**بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان لە وەزارەتی ناوخۆ پێیوایە بەرلەوەی باســی مافەکانی ئافرەت بکرێت، پێویســـتە ئەوە بزانین کە (دە) جۆر توندوتیژی هەیە بەرامبەر بە ئافرەت کە تاکوئێســـتا لەکوردستان پیادەدەکرێت. هاوکات ئەمینداری گشتی لە ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بە پێویستی دەزانێت کە بەدوداچوونی توند بکرێت بۆ ئەوانەی ئەم یاســـایانە جێبەجێ ناکەن کە تایبەتن بەمافی ئافرەت لەبەرئەوەی یاســـاکان پێشێلدەکرێن، دەڵێت «بۆیە ئێستا یەکێك لە کارەکانی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بەدوداچوونە بۆ جێبەجێکردنی یاساکان، ڕێکخستنی کۆڕی هۆشیاریە لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە شارەزاکان لەو بوارەدا.**

### مافی ئافرەت وەك مرۆڤ

بەپێـــی بەندی یەکەم لەجاڕنامەی مافی مرۆڤدا کە هاتووە دەڵێت (هەموو مرۆڤێك بەئازادی لەدایك دەبێت و کەرامەت و مافی یەکسانیان هەیەو هەموویان خاوەن ئەقڵ و ویژدانن لەگەڵ یەکدا هەڵسوکەوتی برایانەیان هەیـــە) بۆیـــە ئافرەتیش وەکو پیـــاو لەدایك دەبێت و بەیەکسانی وەکو پیاو لەمافدا دەبێت بەئازادی بژیت و لەنێـــو کۆمەڵگادا خاوەن بڕیاری تایبەتی خۆی بێت. ئەوەی جێگای باسە کە دەمانەوێت لێرەدا باسی بکەین ئەوەیە ئایا ئەو مافانە چین کە چەندین ساڵە ئافرەت داوای دەکات؟ یاخود ئەو هۆکارانە چین کەدەبنە هۆی پێشـــێلکردنی مافی ئافرەت؟ لەپرسیاری ئەوەی ئەو مافانە چین کە چەندان ســـاڵە ئافرەت داوای دەکات کە بۆتە شـــەڕێکی کەلتوری، تویژەر و بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتـــان لە وەزارەتی ناوخـــۆ بەگوڵانی ڕاگەیاند «ئەو شـــەڕەی کەلەمـــاوەی چەند ســـاڵی ڕابردوو بەنـــاوی پرۆســـەی داکۆکی کـــردن لەمافەکانی ئافرەت دەســـتمان پێکردووە هەمـــووی کۆبکەینەوە پێیدەگوترێت(شـــەڕی کەلتوری)بۆیـــە ناوی لێدەنێم (شـــەڕ)، چونکە ململانێیەکی سەخت، بەڵام شاراوە لەنێوان دوو بەرەی دژ بەیەک لەسەرەتای شەڕەکەوە ئاماژەکانی دەرکەوتنی، بەرەیەک دەیهەوێ چیدیکە ئافرەت بەناوی قەداســـەتی نەریتـــەکان کەرامەتی نەشـــکێنرێ، بەرەیەکیش بەپاساوی ئایینی پیرۆزی ئیســـلام و قەداســـەتی نۆرمـــە کۆمەڵایەتیەکانەوە دەیهەوێ ژن لەو پێگە پاشـــکۆیەتیەی ســـەد ساڵی ڕابـــردوو هەنگاوێک نەچێتە پێشـــەوە. ئەو شـــەڕە کەلتووریـــە لەپـــاڵ ئەوەی کە لای من شـــەڕێکی موقەدەســـە، بـــەڵام هـــەر لەســـەرەتای دەرکەوتنی ململانێکانیشـــەوە نەتوانراوە هەموو کایەکان وەڵامی پرسیارێکی جەوهەری بدەنەوە.

دواتر ئەمینداری گشـــتی لـــە ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان پەخشان زەنگەنە بەبۆچوونی ئەو کە لەمافەکانی ژن و پیاودا کێشەیەك نییە لەم چەند ساڵە سەری هەڵدابێت، بەڵکو پرسێکی مێژوویی دووردرێژە، پێوەندی بە پەرەسەندنەکانی ســـەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگەی مروڤایەتیـــەوە هەیە، لەگەڵ بەرپابوونی سەرەتاکانی هۆشـــیاری کۆمەڵایەتی، خەبات لەپێناو نەهێشـــتنی ئەو نابەرامبەریە، لەلایـــەن ژن و پیاوی هۆشیارەوە، بەردەوامە، کێشەکە لە ناوەڕۆکدا کێشەی نێوان ژن و پیـــاو نییە، هەرچەندە لە مومارەســـەدا، وا دەردەکەوێـــت. بەڵکـــو لە ئەنجامی پرۆســـەیەکی ئابووری-کۆمەڵایەتی، مێژووییەوە، ئەو نابەرابەری و نا یەکســـانییە بەرپا بووە و چۆتە بونیەتی کەلتوری کومەڵگەی مرۆڤایەتیەوە و لەگشت بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە ڕەنگ دەداتەوە». پەخشان زەنگەنە پێیوایە لە کوردســـتان ســـەرەڕای بەرەنگاربوونەوەی زوڵم و زۆری نەتەوایەتی، بەڵام بـــەردەوام بەرەنگاربوونەوە و ئـــەو جیاکاری و نابەرامبەرییەی ژن پیاو لە گشـــت ســـات و ســـەردەمەکاندا بە گوێرەی هـــەل و مەرجە جیاجیاکان بوونی هەبووە. لە ســـەردەمانێکی زووەوە، بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی گەلەکەمان و کەســـانی هۆشـــیار و خاوەن قەلەمی ڕەوان، لە شاعیر و نووسەر و هونەرمەند و سیاسەتمەدار و مامۆستایانی ئایینی متەنەوس....وتاد.

### لەکوردستاندا هەمیشە مافی ئافرەت بۆتە قوربانی

لەلایەکی دیکەوە، کۆسار کەریم ئەندامی ئەنجوومەنی خانمـــان دەڵێـــت «بەهۆی ئـــەو قەیرانە سیاســـییە بەردەوامەی کـــە ئەمڕۆ هەرێمی کوردســـتانی تێدا دەژی هەمیشە ئافرەتان بوونەتە قوربانی و گەورەترین زیانیان پێکەوتـــووە، تەنانەت کاریگـــەری نالەباری سیاسی بۆتەهۆی سستبوونی زۆربەی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان، چونکە هێندە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی چارەسەری کێشە سیاسییەکان و دابینکردنی بارێکی ئارامە لەڕووی سیاســـییەوە، هێندە ناتوانرێت بایەخ بەرێکخراوەکان بدرێت، ئەمە کاریگەری زۆری هەیە و بەئاشکرا هەستی پێدەکرێت.

پەخشـــان هەروەها دەڵێـــت «حزبە سیاســـییەکان لە بەرنامەکانیاندا بایەخیان بەو پرسە داوە و ڕۆڵی باڵایان گێڕاوە بۆ فراونبوونی بەشـــداری کارای ئافرەت لەو خەباتەدا و هـــاوکاری بەهێزیان بوون بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی ناحزبی ئافرەتان، بو کۆکردنەوەی فراوانترین جەماوەری ژنان بۆ چارەســـەری ئەو پرســـە، لەدوای ڕاپەرینی ١٩٩١ـەوە خەبات لـــەو بوارەدا کاراتر بوو، ژمارەیەکـــی بەرچاو ڕێکخراوی کومەڵگەی مەدەنی چوونـــە مەیدانی ئـــەو خەباتەو ڕۆڵـــی کاریگەریان نواندووە لە بەرەوپێشچوونی مافەکانی ئافرەتاندا.

### لەم ساڵانەی دوایی یاساکان زۆربەیان گۆڕانکاری زۆریان بەسەرداهات

ئاری ڕەفیق دەڵێت «(دە) جۆر توندوتیژی بەرامبەر بەئافرەت لەکوردســـتان پیادەکراوە، لەوانە توندوتیژی (پەروەردەیـــی، کۆمەڵایەتی، سیاســـی، ئابووری، ئیداری، میدیایی، خێزانی، یاســـایی، عەسکەری، ئایینی) لەماوەی (٤٠-٥٠) ساڵی ڕابردوودا هەر دە جۆرەکەی لەسەرەوە ئاماژەم بۆکرد بە سیستماتیکی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی پێ پەروەردە کراوە، بـــەڵام لەدوای (٢٠) ســـاڵی ڕابردوو بەشـــێک لەم توندوتیژیانـــە کاری فرەلایەنی بۆکراوە تا کۆمەڵگە لـــەو تەنگژە کۆمەڵایەتی و دەروونییە دەربازی ببێ،

هەریەک لەو توندوتیژیانـــە بە چەند نموونەیەک و بەکورتی شیدەکەینەوە:

بۆنموونـــە یەکێـــک لـــەو توندوتیژیانـــە بریتییە لە(توندوتیژی خێزانی) کـــە بەربڵاوترین و زۆرترین پێشێلکارییەکانی لەکوردستاندا لەخۆی کۆکردۆتەوە و جۆرێـــک لە ناســـەقامگیری ئاسایشـــی خێزانی بەرهـــەم هێناوە، زۆرتریـــن قوربانیانـــی توندوتیژی خێزانیش پێک دێت لە (رەگەزی ئافرەت) ئەگەرچی هەنـــدێ جاران بەرامبەر بەمنداڵیـــش دەکرێت یاخود ئافرەت بەرامبەر بەپیاو دەیـــکات، ئافرەت لەخێزاندا و بەتایبەت لـــەو قۆناغە کۆمەڵایەتیـــەدا بەمافی سروشتی خۆی دەزانێ وەکو ڕەگەزی پیاو لەکەرتی حکومی و میدیایی و ڕێکخراوەیی و دامەزراوەکانی پەردوەردەییدا کار بکات و خاوەن ســـەرچاوەی دارایی خۆی بێ، ئـــەم تموحاتانـــەی ئافرەت لـــە خێزاندا جۆرێک لـــە بەریەککەوتنی دروســـتکردووە لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا، چونکە زۆرێک لەپیاوەکان هەن تەواو پێچەوانەی ئەو مافانە دەوەســـتنەوە کە ئافرەت بە مافە ئاسایی و سروشـــتی و یاساییەکانی خۆی دەزانێ.

ئـــاری ئەوە دەخاتەڕوو کە (توندوتیژی یاســـایی) جۆرێکـــی ترە لـــە ماوەی ٥٠ســـاڵی ڕابـــردوو بە سیستماتیکی لە یاســـاکانی عێراقیدا زۆر بەئاشکرا پێشێلی مافەکانی ئافرەتی کردووە، بەخۆشحاڵییەوە لـــەم ســـاڵانەی ڕابـــردوو هەندێک لەو یاســـایانە هەموارکراون لەیاســـاکانی عیراقدا زۆر بەئاســـانی مافی ئافرەت پێشێلکراوە.

لێرەدا چەند نموونەیەک لە پێشـــێلکاری یاســـاییانە دەخەینەڕوو لەگەڵ دەقە هەمووارکراوەکەیدا:

(لـــە ماددەی ٤٠٩، یاســـای ژمارە ١١١ی ســـاڵی ١٩٦٩هاتووە (هەرکەســـێک لەناکاو هاوسەرەکەی یان یەکێک لەمەحرەمەکانی لەحاڵەتی (زیناکردن) ببینـــێ یان لەگەڵ هاوبەشـــەکانی لەنـــاو پێخەفی نووســـتن ببینـــێ و دەســـتبەجێ هەردووکیـــان یان یەکێکیان بکوژێ یان دەســـتدرێژی کردبێتە ســـەر هەردووکیـــان یان هەر یەکێکیان و ئەو دەســـتدرێژە بووبێتە هۆی مردن یان نەخۆشیەکی درێژخایەن، ســـزادەدرێ بەبەندکردن بۆ ماوەیەک لەسێ ساڵ زیاتر نەبێ).

ئەم ماددەیە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە هەمووارکرا:

(ئەنجامدانـــی تاوان لەبەرامبـــەر ئافـــرەت بەبیانـــوی پاڵنـــەڕی ئابڕوپارێـــزی، بـــە بەهانـــەی یاســـایی دانانـــرێ بـــۆ ســـووککردنی سزا، بۆ مەبەستەکانی جێبەجێ کردنـــی حوکمـــی مادەکانـــی (١٢٨-١٣٠-١٣١) لەیاســـای ســـزادانی عێراقـــی ژمارە(١١١)ی ســـاڵی ١٩٦٩ی هەمووارکرا).

چەندین یاســـایی تر هەن بەهەمان شـــێوە گۆڕانیان بەســـەرداهات و تارادەیەکی باش بەرگریان لەمافی ئافرەت کردوە.

## لەڕووی ئایینی ئیسلامەوە هەموو مافەکانی ژنان و پیاوان یەکسانن

ســـەبارەت بەوەی ئەوما فانەچیـــن کە خودای گەورە لەئایینـــی ئیســـلامدا داویەتیە ئافرەت، مامۆســـتا ئەحمـــەد شـــافیعی ئەندامی لیژنەی بـــاڵای فتوا لەیەکێتی زانایـــان و ئەندامی لیژنـــەی تەنفیزی و مامۆستا لەپەیمانگای زانستە ئیسلامییەکان ئاماژەی بـــەوە دا کەخوای گەورە هەموو مافێکی بەمرۆڤەکان وەك یەك بەخشـــیووە، مامۆســـتا دەڵێت خوای گەورە لەقورئانـــدا دەفەرموێت: (یاأیها النـــاس إنا خلقناکم من ذکر وأنثی وجعلناکم شـــعوبا وقبائل لتعارفوا إن أکرمکم عند الله أتقاکـــم)، خوای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرموێت کە هەموو مرۆڤەکان یەکســـانن، هەمـــوو مرۆڤەکان وەك یەکن و جیاوازی لەنێوان هیچ کام لەرەگەزەکان نییە هەموو مرۆڤەکان یەکسانن واتا خوای گەورە نەیوتووە یەکێکیان لەوی تریان باشـــترە ئەمە بێجگەلەوە پێغەمبەری خودا لە فەرموودەیەکی پیرۆزدا دەفەرموێت (النساء شقائق الرجال) واتا ئایینی پرۆزی ئیســـلام لەرووی ئایینیەوە هەموو مافەکانی ژنان و پیاوان یەکسانن لەرووی کۆمەڵایەتیەوە هەمان مافی هەیە، لـــەڕووی پەروەردەکردنەوە هەمان مافی پیاوی هەیە لـــەڕووی بازرگانیەوە هەموو مافەکانی پێدراوە، دەتوانێت خاوەنی دارایی سەربەخۆبێت ڕەنگە تەنیا چەنـــد حاڵەتێك نەبێت کە ڕەوشـــی ئافرەتەکە وەهابخوازێت ئەوکات ئافرەتەکە ئەو ئەرکەی نەبێت.

هەروەها مامۆستا ئەحمەد شـــافیعی ئەوەدەخاتەڕوو «داواکردنی مافی ئافرەت بەو شـــێوەیە دەگەڕێتەوە بۆچەند هۆکارێك لەوانە داواکردنی مافی ئافرەت لەو وڵاتانەی کەئایینی تێیدا نەبووە وای کردووە کەئافرەت مافەکانی پێشیل بکرێت و ئەو وڵاتانەش کە ئایینیان تێدابووە بەهەڵە هەندێك لە شـــتەکان شـــیکراوەتەوە، هەندێـــك عورفی ناپەســـەندی کۆمەڵگە بۆتە هۆی پێشـــێلکردنی مافەکانـــی ئافرەتان، واتا عورفـــە کۆمەڵایەتیـــەکان بوونەتە هۆی دروســـتبوونی کێشـــەکان، چەمکـــی ئایینی بەهەڵـــە لێکرداوەتە و بەهـــۆی عورفی کۆمەڵایەتی ئەو دیاردانەیان دروســـتکردووە لەمبارەیەوە مامۆستا دەڵێت جارێکیان ئافرەتێك چـــووە خزمەتی پێغەمبەر درودی خوای لیبێت، ئافرەتەکە وتی کەباوکی بەزۆر بەئامۆزایەکی بەخشـــیوە بەێ ئـــەوەی ڕەزامەندی هەبێت، پێغەمبەر فەرمووی دەتوانیت فەســـخی زەواج بکەیت و هەڵیبووەشـــێنێتەوە، بەڵام ئافرەتەکە وتی من هەڵیناوەشێنمەوە، بەڵام ئێمەی ئافرەت مافی خۆمان هەیە، ئەمەش باشـــترین بەڵگەیە کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بایەخی بەئافرەت داوە و بەرگری لەمافەکانیان کـــردووە، پێغەمبەریش بەهەموو شـــێوەیك مافەکانی بەخشیون.

## پێویستە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان هەماهەنگی بەردەوامیان لەگەڵ زانایانی ئایینی هەبێت

مامۆستا ئەحمەد شافیعی پێشـــیوایە: زۆربەی ئەو بەربەستانەی کە بۆتە ڕێگر لەژیانی ئافرەتاندا زیاتر عورفـــە کۆمەڵایەتیەکانن و ئایینی ئیســـلام بەهیچ شـــێوەیەك ڕێگری لەئافرەتان نەکردووە، بەڵکو عورفە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە ڕێگری هەموو کێشـــەکان. هەربۆیە پێویستە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان هەماهەنگی بەردەوامیان لەگەڵ زانایینی ئایینی هەبێت، بەر لەوەی هەریاسایەك لەپەرلەماندا بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە پێوستە لەگەڵ یەکێتی زانایاندا جۆرە حیوارێك بکرێت، واتا دەبێت ڕێکخراوەکانی ژنان و یەکێتی زانایان زۆر هەماهەنگ بن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

## لەداڕشتنی یاساکان پرس و ڕا بەیەکێتی زانایان ناکرێت

ســـەبارەت بەپرۆژە یاســـاکانی پەرلەمان مامۆســـتا ئامـــاژەی بەوەدا کـــە یەکێتی زانایـــان ڕەزامەندی لەپەرلەمان هەیە بۆداڕشـــتنی یاساکان کەچی پرس و ڕا بەیەکێتی زانیان ناکرێت و پەرلەمان کاتێك پرس بە یەکێتی زانایان دەکات کە یاسایەك تێپەڕیوە و چووەتە بـــواری جێبەجێکردنەوە، لەبەر ئەوەی هەر یاســـایەك ئەگـــەر بێت و بەگفتوگۆی هاوبەش پەســـندبکرێت، ئەوکات دەتوانرێت باشـــتر سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، مامۆستا پێشـــیوایە کەیاسای لەشفرۆشی لەم کاتەدا هیچ خزمەت بەکۆمەڵگەی کوردی ناکات.



# ئافرەتێک:
# بەهۆی غازەوە ئاگر لەجەستەم بەربوو



ئافرەتێکی تەمەن ٢٥ساڵ بەناوی (ژ.م.ع) لەگەڕەکی بەلاشاوەی شاری هەولێر بەهۆی غازەوە ئاگر لەجەستەی بەردەبێت. لەم بارەیەوە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر پێی ڕاگەیاندین، خۆشبەختانە ئەم ئافرەتە لە مردن ڕزگاری بووەو وتەی وەرگیراوە کە بەهۆی غازەوە ئاگر لەجەستەی بەربووە، دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاریداوە وتەی شاهێدی ڕووداوەکە وەربگیرێت، هەروەها چاودێری کردنی باری تەندروستی نەخۆش بکرێت و تا ئێستا هیچ ماددەیەکی یاسایی دیاری نەکراوە بۆ ئەم ڕووداوە.

# بەمۆبایل هەڕەشە لەخێزانەکەی دەکات

باوکێك بەهۆی هەڕەشە لێکردن و توندوتیژی بەرامبەر بە کچەکەی سکاڵا لەدژی زاواکەی و باوکی زاواکەی بەرزدەکاتەوە.

پیاوێك بەناوی (ج.ص) لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٨ کە پیشەی کاسبە لەبنکەی پۆلیسی شەمامك، سکاڵا بەرزدەکاتەوە لەدژی زاواکەی بەناوی (ف. ف) و باوکی زاواکەی بەناوی (ف)، هەروەها بە هەڕەشە لێکردن تۆمەتباریان دەکات و هۆکارەکەشی بۆ کێشەی خێزانی گەڕاندەوە، دادوەری لێکۆڵینەوەش بڕیاریداوە بەسزادانی تاوانباران بەپێی مادەی (٢) لەیاسایی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل.






# دوو لەچکەکەی شەش منداڵەکەی لە سۆزی دایک بێبەش دەکەن

ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/١١/١٧ کاتژمێر ١١:٣٠ پێش نیوەڕۆ ئافرەتێك لەگەڕەکی بەهاری کۆن دوای خۆهەڵواسینی بە پانکەی ماڵەوە خۆی دەخنکێنێت و تاکو ئێستاش هۆکاری خۆ خنکاندنەکەی بە نادیاری ماوەتەوە.

سەبارەت بەم ڕووداوە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بەگۆڤاری گوڵانی ڕاگەیاند: کاتژمێر ١١:٣٠ پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/١١/١٧ بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان ئاگادارکراوەتەوە بەبوونی ڕووداوێکی خۆکوژی لەگەڕەکی بەهاری کۆن لەشاری هەولێر، ئافرەتێك بەناوی (ش.ا.ر) لەدایکبووی ساڵی١٩٧٨ پیشە ئافرەتی ماڵەوە و خاوەنی شەش منداڵ لەماڵی خۆی بەهۆی دوو لەچکەکەیەوە بەپانکەی سەقفی ژوورەکەیەوە خۆی هەڵواسیوە و لە ئەنجامدا خنکاوە، بەبێ بوونی هیچ کێشەیەك نە لەماڵەوەی نە لەدەرەوە، پشکنین و هێڵکاری شوێنی ڕووداوەکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان ئەنجامدراوە، هەروەها وتەی (ا.ص.ع) وەرگیراوە کە دەکاتە مێردی، دواتر پەراوەکەی ڕەوانەی دادگا کراوە و دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاری دەرکردووە بۆ وەرگرتنی وتەی داواکارانی مافی کەسی و وەرگرتنی وتەی شاهێدان بۆزانینی ڕووداوەکە.



# لەئەنجامی دەمەقاڵێیەوە کوڕەکەی خۆی دەکوژێت

لە گەڕەکی باداوەی شـــاری هەولێـــر و لە ئە نجا می دەمەقاڵێیەك، باوكێـــك بەدەمانچە كوڕەكەی خۆی دەكوژێـــت، دواتر بۆشـــوێنێكی نادیار ڕادەكات.

سەبارەت بەم ڕووداوە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێـــر بە گوڵانی ڕاگەیاند «ڕۆژی هەینی ڕێكەوتی ٢٠١١/١١/١٨ كاتژمێر ٩ی ســـەر لەبەیانـــی ئاگاداركرایـــەوە بەبوونی تەرمێك لەپەیمانگای پزیشكی داد، دەركەوت كوژراوێك هەیە بەنـــاوی (م.ش.خ) لەدایكبووی ١٩٩٦ بێكارە و دانیشتووی گەڕەكی باداوە، كە شەوی پێشووتر لە كاتژمێر (١٠:٣٠) بەچەكی دەمانچە لەلایـــەن باوكی بەنـــاوی (ش.ع) دەكوژرێت، دواتر پشكنین و هێڵكاری بۆشوێنی ڕووداوەكە ئەنجامدرا.

نەقیـــب كاروان لـــە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیســـی هەولێر لەبارەی ئەم ڕووداوە وتی «بەوتەی داواكاری مافی كەســـی كە دەكاتە دایكی كوژراو بەناوی (ن.ع.ن)، گوایە ئەم كوڕەو سێ كچی هەیە و ئەم كوڕەی بەردەوام سەرخۆش بووە و حەب و مەشروبی خواردووە و دزی دەكرد، هەروەها بەشـــێوەیەكی زۆر خـــراپ مامەڵەی لەگەڵ خوشـــكەكانی دەكرد و لە هەمان كاتدا دراوسێكانیشی بێزاركردبوو بەجۆرێك ژیانیان لێ تاڵ بووە لە دەســـت ئەم كوڕەیان. شەوی ڕابردوو واتە ١٧-٢٠١١/١١/١٨ بەسەرخۆشی گەڕاوەتەوە ماڵـــەوەو لەگەڵ باوكی كردویەتی بە شـــەڕ و دەمەقاڵێ و بە باوكی خۆی گوتبوو بزانە چۆن دەتكوژم، لە هەمان كاتدا دەمانچەشـــی لابووە، لەئەنجامی شـــەڕەكەیان باوكی دەمانچەكەی لێوەردەگرێت و دەیكوژێت».

نەقیب كاروان ئەوەشـــی ڕوونكردەوە كە دایكی كوژراو هیچ ســـكاڵایەكی بـــەرز نەكردۆتەوە دژ بەهاوســـەرەكەی، هەروەهـــا تاوانباریـــش بۆشـــوێنێكی نادیار هەڵاتووە، بۆیە دادوەری لێكۆڵینـــەوەی ئێشـــكگر بڕیـــاری داوە بـــە دەستگیركردنی تاوانبار (ش.ع) بەپێی ماددەی (٤٠٥)ی یاسای سزاكان.

# تەرمێک لەکۆمەڵگەی شاوێس فڕێدەدرێت



ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی ٢٠١١/١١/١٧ لەكۆمەڵگەی شاوێس پیاوێكی تەمەن ٣٥ ساڵ بەچەقۆ دەكوژرێت و دواتر تەرمەكەی بەفڕێدراوی دەدۆزرێتەوە.

لەمبارەیەوە نەقیب كاروان لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیســـی هەولێر بە گوڵانـــی ڕاگەیاند: لەڕێكەوتـــی ٢٠١١/١١/١٧ لەبنكـــەی پۆلیسی شاوێس ئاگاداردەكرێتەوە بەبوونی تەرمێكـــی فڕێـــدراو لەنێـــو كۆمەڵگەی شاوێس، ئەفســـەری بنكە دەچێتە شوێنی مەبەســـت و لێكۆڵینەوەی پێویست دەكرێت بۆ ڕووداوەكە، دوای لێكۆ ڵینە وە یە كی چڕو پڕ دەركەوت تەرمەكـــە هـــی پیاوێكە بەناوی (ف.ا.م) كە لەدایكبووی ســـاڵی ١٩٧٧، هێڵكاری و پشـــكنین بۆشـــوێنی ڕووداوەكـــە ئەنجامـــدرا، دواتـــر لەلایەن نەهێشـــتنی بەڵگەی تاوانـــەوە تەرمەكە ڕەوانەی پزیشـــكی داد كراوە بۆپشـــكنین و زانینی هۆكاری مردنەكەی.

نەقیب كاروان ئەوەشی خستەڕوو بەوتەی خێزانی كوژراوەكە بەنـــاوی (ب.ا.ع) و لەدایكبووی ١٩٨٤، ئامۆزایەكی هاوسەرەكەی بەناوی (ە.م.م) پێوەنـــدی پێوەكردووە ئەویش چۆتە ماڵیـــان، دواتـــر بەچەقۆ كوشـــتویانە. هـــاوكات خێزانی كوژراوەكـــە ســـكاڵای هەبووە دژی (ە.م.م) و خێزانەكەی كە بەناوی (ب)، دادوەری لێكۆڵینەوەی ئێشـــكگریش بڕیـــاری داوە بەدەســـتگیركردنی هـــەردوو تاوانبار بەپێی ماددەی ٤٠٦ی یاسای سزادان.

# قوربانییەکی دیکەی توندوتیژی بە بیانووی ناموسپارێزییەوە:

## پێش ١١ ساڵ براکەی تەرمی بەڵقیسی شاردۆتەوەو ئێستا شوێنەکەی نادۆزیتەوە

ئا: سالە سلێمان

**بەلقیس ژنێکی ترە کە بەر لە ١١ ساڵ پێش ئێستا بەدەستی براگەورەکەی کۆتایی بەگیانی دێت بە بیانووی شەرەف و نامووس، تاوەکو ئێستاش هیچ کەسێك لە بنەماڵەکەی ئامادە نەبوون باسی کوشتنی ئەو ژنە بکەن.**

### براکەی چۆن بەڵقیسی کوشت :

**((لە ساڵی ٢٠٠٠ خوشکەکەم بردە ڕێگەی دارەتوو، ئەوکاتە ڕێگای دارەتوو چوڵەوانی بوو، بردم بۆئەوەی ئامۆژگاریی بکەم، بەڵام سوودی نەبوو، لەسەر هەڵسوکەوتی خۆی بەردەوام بوو، بۆیە منیش بەدار زۆر لێمدا و لەبەردەستمدا مرد، بۆیە بردم تەرمەکەیم شاردەوە و ئێستا ئەو شوێنە بۆتە خانوو، شوێنی شاردنەوەی تەرمەکە ناناسمەوە)).**

**مەبەستم کوشتنی خوشکم نەبوو**

(م.خ.ق) تەمەن ٤٧ ساڵە لە زیندانییەوە چۆنیەتی و هۆکاری کوشتنەکەی بۆ گۆڤاری گوڵان باس دەکات و دەڵێت «خوشکەم ماوەیەك لەگەڵ مێردەکەی نەدەگونجا، تەڵاقی لە مێردەکەی وەرگرت و ژنیماڵەوە بوو تەمەنی ٣٥ ساڵ بوو دوو منداڵی هەبوو منداڵەکان لای باوکی بوون، دوای تەڵاقدان هاتەوە ماڵی باوکم، ئیتر وای لێهاتبوو ڕۆژانە لەگەڵ سەیاران دەردەچوو بەبێ ئەوەی بیاناسێت و دەرگای سەیارەکانی دەکردەوە و لەگەڵیان دەڕۆیشت لە ساڵی ٢٠٠٠ ئەوکات ڕێگای دارەتوو چوڵەوانی بوو بردم بۆ ئەوەی ئامۆژگاریی بکەم، بەڵام هەر بێ سوود بوو، لەسەر هەڵسوکەوتی خۆی پێداگیری دەکرد، منیش دارێکم دەرهێنا بە دار زۆرم لێدا، ئەوکات من مەبەستم کوشتنی نەبوو، بەڵام لە تووڕە بوون زۆرم لێدا و مرد هەر لەوێ جەستەکەم شاردەوە، ئێستاش شوێنی قەبرەکەی دیار نییە لەبەر ئەوەی شوێنەکەی زۆر گۆڕاوە و بۆتە خانوو شوێنی نیشتەجێبوون).

ئەو پیاوە لەکاتی باسکردنی ڕووداوەکە دەستەکانی توند دەگوشی و قاچەکانی دەلەرزی و دەنگێکی نزمی لێوە دەهات و دەیگوت «ڕاستە خوشکەکەم لەسەر شەرەف و نامووس کوشت، هەر چەندە مەبستیشم کوشتنی نەبوو، بەڵام تاوەکو ئەمڕۆش ویژدانم زۆر ئازارم دەدات).

**شوێنی تەرمەکە بۆتە خانوو**

عەقید ئەزوەر دەزیی بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای دەشتی هەولێر دەڵێت «لەکاتی خۆی کەئەو تاوانەی ئەنجامداوە و بەبێ ئاگادار کردنەوەی هیچ لایەنێك، لەناو کەسوکاری خۆیان بابەتەکەیان شاردۆتەوە و کەس سکاڵای دژی تۆمارنەکردووە، دوای ١١ ساڵ کەسێك هەستاوە هەواڵی پۆلیسی داوە کە گوتویەتی کەسێك خوشکی خۆی کوشتووە دوای ئەوە بانگی دەکەن و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکەن و دان بە تاوانەکەی دەنێت و تاوەکو ئێستاش لێکۆڵینەوە بەردەوامە، چونکە کەس نەهاتووە سکاڵا تومار بکات و کەسیش لە خێزانەکەی



سەردانی پۆلیسی نەکردووە بۆ وەرگرتنی وتەیان، وا دیارە بەپێی قسەکانی ئەو تاوانبارە بە بیانووی ناموسپارێزی ئەو تاوانەی ئەنجامداوە، بۆیە لەناو خۆیان ئەو بابەتەیان شاردۆتەوە، ئەو جێگەیەشی تەرمی خوشکەکەی لێ شاردۆتەوە، ئێستا دەڵێت ئەو شوێنە ناناسمەوە، بۆیە جەستەی کوژرارەکە بزرە).

## لە کاتی هەڵچوون ئافرەتان دەکوژن و دواییش دەڵێن پەشیمانین

کارمەند عەزیز توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت: لەڕووی سایکۆلۆژییەوە ئەو کەسە پەنا دەباتە بەر کوشتنی کەسێکی تر لە دۆخێکی نائاسایی دەژیت و کۆمەڵێك هۆکاری جەستەیی و دەروونی کاریگەری هەیە لەسەریان، لە هەندێك کەسدا کەسی تاوانکار کە تاوانەکە دەکات هەست بە بایەخی کارەکەی ناکات، چونکە بارودۆخی دەروونی لە حاڵەتێکی ناجێگر دەبێت، بەڵام دوای ئەنجامدانی تاوانەکە پەشیمانی دایدەگرێت و پاشگەز دەبێتەوە، کەئەمەش لە ساتی توڕە بوون و بوونی فشاری دەروونی ئەو حاڵەتە ڕوودەدات، ئەو توێژەرەی دەروونی هۆکاری ئەوە باس دەکات کە کەسێك بتوانێ مرۆڤێك بکوژێت «ئەو کەسانەن کە پەروەردەی کۆمەڵایەتی و خێزانی ئەو جۆرە کەسانە لە بەهامرۆییەکان داماڵیووە و لەکاتی هەڵچوون و توڕەبووندا ئەو بەهایانە ژێر پێ دەنێن، ئەو کەسانە خەڵکانی سادی و دەروون ناجێگیرن، بەڵام دوای ئەنجامدانی تاوانی کوشتنەکە بەپێی کەسێتی تاوانبارەکە باری دەروونی دەگۆڕێت و زوو هەست بە پەشیمانی دەکات).